
سەرۆک وەزیران بانگهێشتنامەیەکی فەرمی بۆ سەردانی ئازەربەجان پێگەیشت



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بانگهێشتنامەیەکی فەرمی بۆ سەردانی ئازەربەجان پێگەیشت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە:,,، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازیکرد، لەوەزیری ئابووری کەماری ئازەربەجان، میکائیل جاپارۆف و شاندی یاوەری.

لە میانی کۆبوونەوەکدا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا، هەروەها ڕێگاکانی پتەوکردنیان لە بوار و کەرتە جیاوازەکانی ئابووری و بازرگانی و وەشنبیریدا تاوتووکران.

سودانی ڕایگەیاند کەسەردانی هاوبەشی بەرپرسانی هەردوو وڵات ویستی عێراق و ئازەربەجان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان پشتڕاست دەکاتەوە، ئاماژەی بە هاوبەشییە زۆرەکانی نێوان هەردوو وڵات کرد کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێشخستنی دۆسیەتی زیاتر بۆ هاوکاری بەرهەمدار.

سەرۆك وەزیران جەختی لەوە کردەوە کەعێراق ئاواتەخوازە کۆمپانیا ئازەربەجانییەکان بەشداری لە پڕۆژەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە، بتایبەتی لە بواری وزەدا بکەن، لەپێناو زیاترکردنی هاوکارییەکانی کەرتی تایبەت لێنێوان هەردوو وڵات، ئاماژەی بەدۆسیەتی گرنگی وبەرهەنان لە کەرتی

پیشەسازییەکانی نەوتدا لەعیراق کرد، و پێژەی ڕۆگای گەشەپێدانی ستراتیژی، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە بڕژەوەندییەکانی هەردوو وڵات و بەهێزکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە" وەزیری میوان سەاوی سەرکی کەماری ئازەربێجان، ئیلهام عەلیەف، گەیاندە سەرک وەزیران، هەروەها بانگهێشتی فەرمی بۆ سەردانی ئازەربێجان پێشکەشی کرد، بەمبەستی تاوتوێکردنی زۆرێک لە پرسە هاوبەشەکان. هاوکات جەختی لەسەر خواستی وڵاتەکەی کردەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هاوکاری، وئامادەیی بۆ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق و بەردەوامی هەماهەنگی دووڵایەنە لە ڕۆگەی لێژنەی هاوبەشی عێراق و ئازەربێجانەوە.